12

# ڕەوانبێژیی کوردیی پۆلی دوازدەیەمی ئامادەیی

## پۆلی دوازدەیەمی زانستی و وێژەیی

ئەم بڵاوکراوەیە ئەمانە لەخۆ دەگرێت:ـ

ـ باسکردنی هەموو بابەتەکانی ڕەوانبێژی
ـ شیکردنەوەی دێڕە هۆنراوەکانی پەرتووکی کوردیی پۆلی دوازدە
ـ دانانی نموونەی دەرەکی

ZN


ئامادەکراوە لەلایەن:ـ
زانا نافع کەمال
شارەزا لە زمانی کوردی
خاوەنی پێگەی زێد ئێن
خاوەنی پێگەی بێژە بۆ خزمەتکردنی زمانی دایک


Zine

چەند ئامۆژگارییەک:

- له ڕەوانبێژی مەترسە، زۆربەی کات نموونەکانی کتێب دەکرێتە پرسیار.
- پێناسەکانی کتێب کە بۆ بابەتەکانی کردووە، گرنگیی پێ بدە.
- تەنها ئەم مەلزەمەیەم بەسە بۆ ڕەوانبێژی، هەموو بابەتەکان بەوردی باسم کردوونە و ڕوونکردنەوە و ئاسانکاریی تەواوم بۆتان کردووە.
- لە هەڵە مەترسە، بەڵکوو لێی فێر بە و دووبارەی مەکەوە.
- مەوەستە لە فێربوون، ئەوەی بوەستێ لە فێربوون، دەوەستێ لە ژیان.
- سەبارەت بە دێڕەکانی لاپەڕە ٣٧ ئەو زانیارییانەی لەناو لاکێشە ڕەنگاوڕەنگەکان نووسراون، زانیاریی بەشی ئەدەبی کوردیی پۆلی دوازدەیە سەبارەت بە دێڕەکان.
- لەم مەلزەمەیەدا ئەگەر دێڕێکت بەرچاو کەوت کە لە نموونەی چەند بابەتێک دووبارە بووبووەوە، ئەوا بزانە ئەو دێڕە زیاتر لە هونەرێکی ڕەوانبێژیی تێدایە:

  وەک ئەو دێڕە: مەرگ و ژین میسلی سێبەر و تاوە ئەوەی باقی بمێنێ هەر ناوە

  ئەم دێڕە (دژیەکی ئەرێ، لێکچواندن، ڕەگەزدۆزیی ناتەواو) ی تێدایە، بۆیە لە نموونەی هەر یەک لەو بابەتانە (ڕەگەزدۆزی، لێکچواندن، دژیەک) بەرچاوت دەکەوێت.
- خوێندکاران، لە شیکارکردن و ڕاڤەکردنی نموونەکاندا ڕێبازگەلێک پەیڕەو کراون، کە پێمان وایە بۆ ئێوەمانان دەبنە ئاسانکارییەکی باش و سبەی ڕۆژ دەتوانن خۆتان داهێنانیان پێ بکەن و بۆ شیکارکردنی پرسیارەکانتان باشتر لە ئێمە ڕێبازگەلێکی باشتر بدۆزنەوە!

مافی ئەم بەرهەمەش پارێزراوە بۆ لایەنی ئامادەکار، هیچ کەسێک بۆی نییە بیبات و بە ناوی خۆی بڵاوی بکاتەوە.

لە نزای خێر بێبەشمان مەکەن.

ڕێز و سڵاو

زانا نافع کەمال

خاوەنی پێگەی زێد ئێن



# ڕەوانبێژی

**ڕەوانبێژی: قسە و هۆنراوە ڕەوان و جوان و کاریگەر بێ لەگەڵ بارودۆخی گوێگر و هەڵوێستی قسەکردنەکە بگونجێت، بۆئەوەی مەبەستەکەی بەڕوونی لە خوێنەر بگەیەنێت و چێژی پێ ببەخشێت و کاری تێ بکات. ئەمەش بە هەڵبژاردن ( وشەی لەبار و داڕشتنی تۆکمە و ڕێکخستنی ژیریێژییانە دێتە دی.)**

**زانستی ڕەوانبێژی لەو هونەر و دەستوور و بنەمایانە دەکۆڵێتەوە کە دەبن بە مایەی ڕەوانی و جوانی و کاریگەریی قسە و پاراستنی لە لێلی.**

**لێرەدا باسی هەندێک لە بابەتەکانی ڕەوانبێژی دەکەین:**

## ڕەگەزدۆزی

**دوو وشە یان زیاتر لە شێوەدا وەک یەک وا بن یان لەیەک نزیک بن، بەڵام واتایان جیا بێت.**

**جۆرەکانی ڕەگەزدۆزی:**

**1- ڕەگەزدۆزیی تەواو:**

**لە ڕەگەزدۆزیی تەواو وشەکان لە ڕووخساردا واتە لە (ژمارەی پیت - جۆری پیت - ڕیزی پیت) وەک یەکن، بەڵام لە واتادا جیاوازن.**

**بەکورتی:**

**لە ڕەگەزدۆزیی تەواودا وشەکان دەقاودەق وەک یەکن، بەڵام لە واتادا جیاوازن.**

**نموونە:**

**ئەوەی ڕێگای لە کوردەکان گۆڕی**

**لەعنەتی خوا لە ئەلحەد و گۆڕی**

**وەکوو دەیبینین، لە نیوەدێڕی یەکەمدا (گۆڕی) بە واتای گۆڕین دێت و لە نیوەدێڕی دووەمدا (گۆڕی) بە واتای (گۆڕ) یان (قەبر) دێت.**

**کەواتە ڕەگەزدۆزیی تەواو لەنێوان هەردوو وشەی (گۆڕی) و (گۆڕی) دا هەیە، لەبەرئەوەی هەردوو وشەکە دەقاودەق وەکوو یەکن بەڵام لە مانادا جیاوازن.**

ئامادەکردنی: زانا نافع کەمال

**ئاگاداربە:**

ئەگەر دوو وشەکە هەمان مانا بوون، ڕەگەزدۆزی دروست نابێت.

پیری بەتەنیا ڕەحمەتە

پیری و هەژاری زەحمەتە

لەم دێڕەدا ڕەگەزدۆزیی تەواو لەنێوان هەردوو وشەی (پیری) و (پیری) دروست نابێت، چونکە هەمان واتان.

هەرچەند گوڵ سیس ئەبێ بگرین    ئاڵتونی دار ئەڕژێ بگرین

ڕەگەزدۆزیی تەواو لە وشەی (بگرین) و (بگرین) دروست نابێت، چونکە هاوواتان

ئەگەر خاڵت بلێم میشکی خەتایە

خەتا/ شوێنێکە لە تورکستانی چین

عەزیزی من ئەممە عەینی خەتایە

خەتا/ گوناه و تاوان

لە کۆتایی هەردوو نیوەدێڕدا وشەی (خەتا) هاتووە کە هەردووکیان لە شێوەدا یەک شتن، بەڵام لە ماناندا جیاوازن، کەواتە ڕەگەزدۆزیی تەواو لەنێوان وشەکانی خەتا و خەتادایە.

کاوە کە هەڵیکرد ئاڵا

گەل لە قەڵای زۆردار ئاڵا

لە کۆتایی هەردوو نیوەدێڕدا وشەی (ئاڵا) هاتووە کە هەردووکیان لە شێوەدا یەک شتن، بەڵام لە ماناندا جیاوازن، کەواتە ڕەگەزدۆزیی تەواو لەنێوان وشەکانی ئاڵا و ئاڵادایە.

نموونەی تر لەو دێڕانەی کە ڕەگەزدۆزیی تەواویان تێدایە:

1- گەرچی هەندێ کەس خەریکن ورگ و گیرفان پڕ ئەکەن

شەو بەبێ خەم سەر ئەنێنە سەر سەرین، هەر سەرسەرین

2- بڕیی پارچەی غەزەل یارم، کەواى کرد

بڕیی بەندی دڵم یارم، کە وای کرد



3- داخی حەسرەت نەخشی گرت ئەمساڵ لە تەختەی سینەما
بۆ ئەوانەی ڕائەکەن سەربەست ئەچن بۆ سینەما

4- ئەی ساکینی ڕیازی مەدینەی منەووەرە
لوتفی بکە، بفەرموو مەدینەی منە و وەرە

5- با نەچێتە لای ڕەقیبان یار ئەنیسی خانە بێ
لازمە ئەو ئاسکە لەولا نەبێ، لەو لانە بێ

6- تاڵ و شیرین پێکەوە نەمدیوە چا بێ، چا نەبێ
هەر کەسێکی هەمنشینی چا نەبێ، پێت چا نەبێ

7- دوێنێ چ بوو دەتدا بە زوبان لافی کەرامەت؟!
ئەمڕۆ نە دەمت بوو، نە دەمت بوو، نەدەمت بوو!

8- بەوە چاک ئەبی چاکی بنوێنی
نەک بە خەمەوە خەڵکی بنوێنی

9- تۆ خۆش دەبەزی ئەسپی بەزینت پێیە
من ناگەمە تۆ ئەسپی بەزینم پێیە

10- گەر چڵکن نەبی لاشەت ناخورێ
زەنگینیش نەبی ماڵت ناخورێ

11- هەریەک بەڕەنگێ مەرامی پێتە
گیانیان بە دیاری خاکی بەر پێتە

12- هەندێ یاران زۆر ژیر و دانا
ڕێی کارسازیان بەم ڕەنگە دانا

ئامادەکردنی: دانا نافع کەمال

## 2- ڕەگەزدۆزیی ناتەواو:

**لە ڕەگەزدۆزیی ناتەواو وشەکان لە ڕووخساردا تەواو وەک یەک نین، بەڵام لەیەک نزیکن.**

**جیاوازییەکە لە یەکێک لەمانە (ژمارەی پیت - جۆری پیت - ڕیزی پیت) دەبێت.**

### ڕەگەزدۆزیی ناتەواو لە جۆری پیت:

**دەکرێ ڕەگەزدۆزیی ناتەواو لە جۆری پیتێک بێت، واتە وشەکان لە جۆری پیتێک جیاواز بن، جا ئەو پیتە گۆڕاوە چ لە سەرەتا بێت چ لە ناوەڕاست بێت چ لە کۆتایی.**

**نموونە:**

**پیری بەتەنیا ڕەحمەتە**

**پیری و هەژاری زەحمەتە**

**لەم دێڕەدا ڕەگەزدۆزیی ناتەواو لە جۆری پیت لەنێوان وشەی (ڕەحمەت) و (زەحمەت) دا هەیە، چونکە پیتی یەکەمیان جیایە.**

**(ڕەحمەت) (زەحمەت)**

**نە قابیلی حەملێ داغ و دەردان**

**نە مایلی سەیری باغ و وەردان**

**لەم دێڕەدا ڕەگەزدۆزیی ناتەواو لە جۆری پیت لەنێوان وشەی (دەردان) و (وەردان) دا هەیە، چونکە پیتی یەکەمیان جیایە.**

**وە هەروەها لەنێوان وشەی (داغ) و (باغ) یشدا هەیە.**

**شکانیان کەمانچەی دەستم**

**بەڵام زوو فریاکەوت هەستم**

**لەم دێڕەدا ڕەگەزدۆزیی ناتەواو لە جۆری پیت لەنێوان وشەی (دەستم) و (هەستم) دا هەیە، چونکە پیتی یەکەمیان جیایە.**

**ئەم وەتەن و ئاو و گڵە**

**پشت و ئەژنۆ و جەرگ و دڵە**

**لەم دێڕەدا ڕەگەزدۆزیی ناتەواو لە جۆری پیت لەنێوان وشەی (گڵە) و (دڵە) دا هەیە، چونکە پیتی یەکەمیان جیایە.**

ئامادەکردنی: زانا نافع کەمال

## قڕکاڵی لێوئاڵی پرشنگی نیگا **کاڵ**

### ئەی کچە جوانەکەی سەر گۆنا نەختێک **ئاڵ**

لەم دێڕەدا **ڕەگەزدۆزیی ناتەواو لە جۆری پیت** لەنێوان وشەی (**کاڵ**) و (**ئاڵ**) دا هەیە، چونکە پیتی یەکەمیان جیایە.

**نموونەی تر لەو دێڕانەی کە ڕەگەزدۆزیی ناتەواو لە جۆری پیتیان تێدایە:**

- وانەی شەهیدیت ئەوەندە بەرزە
  کۆشکی دوژمنی پێ هاتە لەرزە

- خودا من بەندەی ناچیز و زەلیل
  گوناهم کەسیرەن تاعەتم قەلیل

- ئەم جووتە شێرە دلێرەی شەرزە
  ناویان لە مێژووا زۆر بەرزە

- کوڵمەکەت وەکوو گوڵاڵەی گەشە
  بێ سورمەش چاوە مەستەکەت ڕەشە

- دونیا ببێتە پۆست
  دوژمن نابێتە دۆست

- مەژی بۆ مردن بمرە بۆ ژیان
  چۆن قازانج ئەکەی تا نەکەی زیان

- بە ئاه و گریان دیسان، هاتەوە هەوری نیسان
  جگەر پڕ ئاو و ئاور، وەک عاشقی بێقەرار




ئامادەکردنی: زانا نافع کەماڵ

- گـەلۆ بۆچی ئەڤ ژیان
تـەڤ بـۆیە ژان و زیان

- ئەی داری مەمک پڕ لە شیلەی ئاڵ
کۆرپەی مێشکی برسیی شیری تاڵ

- با نەچێتە لای ڕەقیبان یار ئەنیسی خانە بێ
لازمە ئەو ئاسکە لەولا نەبێ، لەو لانە بێ

- گوڵ لەسەر لقی خۆیا ڕەنگینە
(بەردیش لە جێگای خۆیا سەنگینە)

- شەو دەکێشم شەونخوونی و بێخەوی
ڕۆژ دەچێژم دەرد و داخی بێئەوی

- مەرگ و ژین میسلی سێبەر و تاوە
ئەوەی باقی بمێنێ هەر ناوە

- تێکۆشە دایم هەروەکوو هەنگ بە
لە مەیدانی ژین ئامادەی جەنگ بە

- دۆستت هەزار بێ کەمە
دوژمنت یەک بێ خەمە

- جاهیل زلیش بێ وەک کەندووی بۆشە
(دەنگی دەهۆڵیش هەر لە دوور خۆشە)

ئامادەکردنی: زانا نافع کەمال

- چاوی کاڵ ئەگەرچی نەرمە
  بەڵام نیگای ئێجگار گەرمە

- مانگی بەجێماو لە سەفەری شەو
  زەردە لەترسی قاسپەقاسپی کەو

- پەلکەزێڕینەی پاش بارانی زۆر
  چەماوەتەوە بەرامبەر بە خۆر
- بەهاوین جەستە خەستەی دەردی گەرمام
  بەزستان دڵ شکەستەی بەردی سەرمام

## ڕەگەزدۆزیی ناتەواو لە ژمارەی پیت:

دەکرێ وشەکان لە ژمارەی پیتەکان لەیەکتر جیاواز بن، واتە یەکێک لە وشەکان پیتێکی زیاتر بێت، زیادەکەش لە سەرەتا یان ناوەڕاست یان کۆتایی هاتبێت.

نموونە:

مەعشوق تویی ب فەخر و نازی

عاشق تـویی لێک بێ نیـــازی

لەم دێڕەدا ڕەگەزدۆزیی ناتەواو لە ژمارەی پیت لە وشەکانی (ناز) و (نیاز) دا هەیە، کە (نیـاز) یەک پیتی (ی) لە (ناز) زیاترە.

نموونەی تر لەو دێڕانەی کە ڕەگەزدۆزیی ناتەواو لە ژمارەی پیتیان تێدایە:




- بە ئاه و گریان دیسان، هاتەوە هەوری نیسان
  جگەر پڕ ئاو و ئاور، وەک عاشقی بێقەرار

- ئەی برادەران، با بچینە یاری
  نەوجەوانیمان لێ بدا دیاری

ئامادەکردنی: زانا نافع کەمال

- کەس بە ئەلفازم نەڵێ خۆ کوردییە، خۆ کردییە
  هەر کەسێ نادان نەبێ خۆی تالبی مەعنا دەکا
- گـەلۆ بۆچی ئەڤ ژیان
  تـەڤ بـۆیە ژان و زیان

## ڕەگەزدۆزیی ناتەواو لە ڕیزی پیت:

دەکرێ وشەکان لە ژمارە و جۆری پیتەکان وەک یەک بن، بەڵام لە ڕیزبوونی پیتەکان جیاواز بن.

نموونە:

خاترێکی شۆخ و خۆش و بێ غەم و جەمعم هەبوو

ئێســتا بۆ زولفی کەسێ مەشقی پەرێشــانی دەکا

لە نیوەدێـری یەکەمدا، ڕەگەزدۆزی لـە وشەکانی (شۆخ) و (خۆش) دایە. ئـەم دوو وشەیە لـە ژمارە و جۆری پیتەکان وەک یەکن، بـەڵام ڕیزی پیتەکان گۆڕاوە.

خــۆشــ

شــۆخــ

نموونەی تر لەو دێڕانەی کە ڕەگەزدۆزیی ناتەواو لە ڕیـزی پیتیان تێدایە:

- یەک زێدە شرین زیادە مەحبووب
  یەک ڕووحێ قولووب و حووری مەقلووب



# لێکچواندن

**لێکچواندن:** لێکچواندن لەسەر بنەمای بەراوردکردن هاتووە. بۆ ڕوونکردنەوە و چەسپاندنی سیفەتی شتێکە و لەگەڵ شتێکی تر بەراورد دەکرێت، کە سیفەتی مەبەستەکەی تێدا زاڵە، بۆئەوەی سیفەتەکە بەم بەراوردکردنە ڕوون ببێتەوە و بەزێدەڕەوی دەر بکەوێت.

**بنەماکانی لێکچواندن:**

1. **لێچوو:** ئەمە بابەتی باسەکەیە و لە هەموو بنەماکان لەپێشترە و باسی ئەوە و ئەوانی تر بۆ خزمەتی (لێچوو) هاتوون.

**ڕوونکردنەوە:**

من ئێستا بمەوێ شتێک بچوێنم بە شتێک

نموونە: ئازاد وەکوو شێرە

ئازاد لێچووە و باس باسی ئەوە و بنەماکانی تر بۆ خزمەتی ئازاد هاتوون لە لێکچواندنەکە.

باس باسی ئازادە و ئەو چوێنراوە بە شێر و وەسفی کراوە.

2. **لەوچوو:** ئەم بنەمایە بۆ ڕوونکردنەوەی لایەنێکی (لێچوو) دێت، کە بەراوردەکەی لەسەر بنیاد دەنرێت.

هەر ئەم نموونەیەی پێشتر:

ئازاد وەکوو شێرە.

شێر لەوچووە، بۆ ڕوونکردنەوەی لایەنێکی ئازاد هاتووە.

لێچوو و لەوچوو دوو بەنەمای بنچینەیین، بەبێ ئەم دووە لێکچواندن دروست نابێت

هەر کامێکیان لا ببرێ لێکچواندن نامێنێت و دەبێتە (خواستن)

ئامادەکردنی: زانا نافع کەمال

3. **ڕووی لێکچوون**: **سیفەت و لایەنی هاوبەشی نێوان لێچوو و لەوچووە.**

**واتە: لێچوو و لەوچوو لە سیفەتێکدا هاوبەشن، بۆیە من ئازادم چواندووە بە شێر.**

**ئێ گەر لە سیفەتێک هاوبەش نەبن، بۆ بەیەکیان بچوێنم؟**

**کە دەڵێم: ئازاد وەکوو شێرە. لەم نموونەیە ڕووی لێکچوون بریتییە لە (ئازایەتی)**

**ئازاد کوڕێکی ئازایە و شێریش بە گیانداریکی ئازا ناسراوە. کەواتە ئازاد و شێر لە سیفەتێک هاوبەشن، کە ئازایەتییە، ئەمە ڕووی لێکچووونە.**

**ئایا سیفەتەکە (ئازایەتی) لە کامیان بەهێزە؟**

**بە دڵنیاییەوە ئازایەتییەکە لە (شێر) بەهێزە و لە ئازاد (بێهێزە)**

**من کە دەڵێم ئازاد وەکوو شێرە، من ئازادم بە شێر چواندووە و شێر لەوچووە و سیفەتەکەی تێدا بەهێزە.**

**ئازاد لە ڕاستیدا وەک شێر ئازا نییە، بەس من ماستاوی زیادەم بۆ کردووە ئیشم پێیەتی، کەواتە لە لێچوو سیفەتەکە تێیدا بێهێزە لە لەوچوو بەهێزە.**

4. **ئەوزار**: **وشەیەکە، کە ڕۆڵی بەستنەوەی هەردوو بنەما بنچینەییەکە (لێچوو و لەوچوو) دەبینێت.**

**هەندێ نموونەی ئەوزار:**

**(وەک، وەکوو، هەروەک، لەوەدەکا، لەوەدەچێت، ئاسا، چون، وێنەی، چەشنی، میسلی، شوبهێ، هتد...)**

**ئەوزار و ڕووی لێکچوون بنەمای نابنچینەیین و لابردنیان وا ناکات لێکچواندن دروست نەبێت.**

**نموونە**

**ئازاد شێرە ئازاد لێچووە شێر لەوچووە ئەوزار و ڕووی لێکچوون باسنەکراون.**

**منیش ئارەزووی ئەوسام نەماوە، عەشقم گۆڕاوە**

**دڵم هەروەکوو گوڵی بێباران سیس و ژاکاوە**

**لەم دێڕەدا لێکچواندن هەیە، شاعیر دڵی خۆی چواندووە بە گوڵی بێباران**

**دڵم لێچووە گوڵی بێباران لەوچووە هەروەکوو ئەوزارە سیسی و ژاکاوی ڕووی لێکچوونە**

مامۆستا ... زانا نافع کەمال

دڵم زنجیر ئەکەم ئەمما، لە یاری دڵڕوبا چ بکەم؟

ڕەگم وشکە وەکوو پووشە، لە قووەی کارەبا چ بکەم؟

لەم دێڕەدا لێکچواندن هەیە، شاعیر ڕەگی خۆی چواندووە بە پووش

ڕەگم لێچووە پووش لەوچووە وەکوو ئەوزارە (وشکیەتی) ڕووی لێکچوونە

قەسەم بەو شەربەتی دیداری پاکەت

شەڕابم عەینی ژەهری مارە بێ تۆ

لەم دێڕەدا لێکچواندن هەیە، شاعیر شەڕابی خۆی چواندووە بە ژەهری مار

شەڕابم لێچووە ژەهری مار لەوچووە عەینی ئەوزارە (کوشندەیی) ڕووی لێکچوونە باس نەکراوە

کوڕ ئایینەیێ جەماڵێ زاتن

کچ مەظهەرێ پورتەوا صیفاتن

لەم دێڕەدا لێکچواندن هەیە، کوڕ بە ئاوێنە چوێنراوە.

کوڕ لێچووە ئایینە لەوچووە ئەوزار نەهاتووە (جەماڵێ زات) ڕووی لێکچوونە

دەمێک بوو چاوەڕێی بەفرێکی وابووم مژدە بێ باری

سەرم بەفرە کەچی هێشتا شەڕەتۆیەڵەم بۆ یاری

ڕەگەزدۆزی ناتەواو لە جۆری پیت لە وشەکانی (باری – یاری) دا هەیە.

لەم دێڕەدا لێکچواندن هەیە، شاعیر سەری خۆی چواندووە بە بەفر

سەرم لێچووە بەفر لەوچووە ئەوزار و ڕووی لێکچوون نەهاتووە

ئامادەکردنی: زانا نافع کەمال

ڕەگەزدۆزیی ناتەواو لە جۆری پیت لە وشەکانی (شێخ – شاخ) دا هەیە

**ئەمن شێخم، سەرم شاخە، هەناسەم**

**نەسیمە، دیدە کانی، مێزەرم تەم**

ئەمن لێچووە    شێخ لەوچووە    دیدە لێچووە    کانی لەوچووە

سەرم لێچووە    شاخ لەوچووە    مێزەرم لێچووە    تەم لەوچووە

هەناسەم لێچووە    نەسیم لەوچووە

**چ سرێکت لەناو دڵدا حەشارداوە بە پەنهانی**

**کە چاوت چەشنی ئاوێنە، وەها بێپەردە درکانی**

لەم دێڕەدا لێکچواندن هەیە

چاوت لێچووە    ئاوێنە لەوچووە    چەشنی ئەوزارە    (درکانی) ڕووی لێکچوونە

**قەلبێ مە شوبهێ زێڕێ ژ فەیزا تە جەلا گرت**

**ما ڕووسییە و سفر سیفەت ڕەنگێ سەفا گرت**

لەم دێڕەدا لێکچواندن هەیە

قەلبێ مە لێچووە    زێڕ لەوچووە    شوبهێ ئەوزارە    (جەلا) ڕووی لێکچوونە

**بەژن و باڵاکەت نموونەی هەیکەلی یۆنانییە**

**لار و لەنجەت مۆسیقایە، بەستەیە، گۆرانییە**

لە نیوەدێڕی یەکەمدا لێکچواندن هەیە

بەژن و باڵاکەت لێچووە    هەیکەلی یۆنانی لەوچووە    نموونەی ئەوزارە    ڕووی لێکچوون نەهاتووە

لە نیوەدێڕی دووەمیشدا لێکچواندن هەیە

لار و لەنجەت لێچووە    مۆسیقا و بەستە و گۆرانی لەوچوون    ئەوزار و ڕووی لێکچوون نەهاتوون

ئامادەکردنی : زانا نافع کەمال

**تاکەی چون مەجنوون وێڵی هەردان بم؟**

**تاکەی خەمزەدەی باری هیجران بم؟**

**لەم دێڕەدا لێکچواندن هەیە**

| | | | |
|---|---|---|---|
| **م لێچووە** | **مەجنوون لەوچووە** | **چون ئەوزارە** | **(وێڵی هەردان) ڕووی لێکچوون** |

**نەیلوفەر دل تو ئافتابی**

**تەن شبهی کەتان تو ماهتابی**

**لە نیوەدێڕی یەکەمدا لێکچواندن هەیە**

| | | |
|---|---|---|
| **دڵ لێچووە** | **نەیلوفەر لەوچووە** | **ئەوزار و ڕووی لێکچوون نەهاتوون** |
| **تو لێچووە** | **ئافتاب لەوچووە** | **ئەوزار و ڕووی لێکچوون نەهاتوون** |

**لە نیوەدێڕی دووەمیشدا لێکچواندن هەیە**

| | | | |
|---|---|---|---|
| **تەن لێچووە** | **کەتان لەوچووە** | **شبهی ئەوزارە** | **ڕووی لێکچوون نەهاتووە** |
| **تو لێچووە** | **ماهتاب لەوچووە** | **ئەوزار و ڕووی لێکچوون نەهاتوون** | |

ئامادەکردنی: زانا نافع کەمال

نموونەی تر لەو دێڕانەی کە لێکچواندنیان تێدایە:




1- دڵم هەرووەک سەماوەر پڕ لە جۆشە
خەریکی سۆز و گریان و خرۆشە

2- پۆل پۆل نازداران گەردەن پڕخاڵان
ڕوومەت پەڕەی گوڵ باڵا شمشاڵان

3- کوڵمەکەت وەکوو گوڵاڵەی گەشە
بێ سورمەش چاوە مەستەکەت ڕەشە

4- ئەحواڵی ئەم زەمانە لە کایەی مناڵ ئەچێ
دونیایەکی چ پووچە لە زەرفی بەتاڵ ئەچێ

5- تێکۆشە دایم هەرووەکوو هەنگ بە
لە مەیدانی ژین ئامادەی جەنگ بە

6- مەرگ و ژین میسلی سێبەر و تاوە
ئەوەی باقی بمێنێ هەر ناوە

7- گوتم: ئەی ماه، دڵی من بە دڵی خۆت بکرە!
گوتی: من بەردی بەقیمەت بە کەبابی نادەم

8- سبەینێ بوو لە خەو هەستام کە ڕوانیم بەفر باریوە
سلێمانی ئەڵێی بەڵقیسە تارای زیوی پۆشیوە

ئامادەکردنی: زانا نافع کەمال

9- گریانی من و خەندەی تۆ ئێستە ئەشوبهێن
بەو مەوسیمی بارانە کەوا خونچە ئەپشکوت

10- نارنج و تورنج شوبهی زینێ
زەربویی ل عیللەتا ئەڤینێ

11- بە ئاه و گریان دیسان، هاتەوە هەوری نیسان
جگەر پڕ ئاو و ئاور، وەک عاشقی بێقەرار

12- دنالم ئەز شەڤ و ڕۆژ
وەکی بولبول ژبۆ گول

13- جاهیل زلیش بێ وەک کەندووی بۆشە
(دەنگی دەهۆڵیش هەر لە دوور خۆشە)

14- سەیری کە ئەڵێی خوێنی ڕژاوی تۆیە
(سیروانی سروشکم کە ئەکا هاژە لە سەردا)

15- لە خەوفی تەلعەتی، ڕۆژ هەروەکوو شێت
بەڕووزەردی هەڵات و کەوتە کێوان

ئامادەکردنی: زانا نافع کەمال

# خواستن

خواستن: بەکارهێنانی وشەیەکە بۆ واتا و مەبەستێکی تر، جگە لەو واتایەی کە لە بنجدا بۆی دانراوە.

نموونە:

گوڵەکەم هاتە لام.

ئێ خۆ هەمووما دەزانین، گوڵ لێرە مەبەستی گوڵی ڕاستەقینە نییە، لەمەدا خواستن لە وشەی گوڵدایە و مەبەستی گوڵ نییە و مەبەستی یارەکەیەتی.

لە خواستندا دەبێت نیشانەیەک هەبێت، تاکوو بزانین ئەو وشەیە بۆ واتای بنجیی خۆی بەکار نەهاتووە.

هەر لەو دەقەی سەرەوە کە دەڵێم: (هاتە لام)، بەوە ئاشکرا بوو، کە مەبەستم گوڵی ڕاستەقینە نییە.

لە لێکچواندن گوتم: لێچوو و لەوچوو دەبێت هەردووکیان هەبن، تا لێکچواندن دروست بێت، ئەگەر یەکێک لەم دوو بنەمایە باس نەکرێت دەبێتە خواستن

دوو جۆر خواستنمان هەیە:

## 1) خواستنی ئاشکرا:

ئەو خواستنەیە کە لە دوو بنەما بنچینەییەکەی لێکچواندن (لەوچوو) هاتبێت و (لێچوو) نەهاتبێت.

تا تێکەڵی نەکەن، ئێوە تەنها ئەوەندە بزانن، کە لە خواستنی ئاشکرادا تەنها (لەوچوو) دێت.

پێویست ناکات قەرەباڵغی لە مێشکتان دروست کەن، بڵێن: لێچوو نایێت. چونکە تێکەڵی دروست دەبێت.

کاک زانا چۆن تێکەڵی نەکەم؟

سەیر کەن وشەی (ئاشکرا) شەش پیتە

وشەی (لەوچوو) ش شەش پیتە        کەواتە: لە خواستنی (ئاشکرا) تەنها (لەوچوو) دێت.

هەر لەو نموونەی سەرەوە (گوڵەکەم هاتە لام)    خواستنی ئاشکرای تێدایە، بۆچی؟

چونکە یارەکەم چواندووە بە گوڵ (یارەکەم وەک گوڵە)

وە لێچووەکە (یارەکەم) فەرامۆش کردووە و تەنها لەوچووەکە (گوڵ) م باس کردووە

بەوەش دەبێتە خواستنی ئاشکرا.

ئیلاهی! نرگزا مەی مەست و نازک

هێڵبەژێرداهاتووەکە نیشانەی خواستنەکەیە

ژ دەستی خوار و بەدخواهان بپارێز

لەم دێڕەدا خواستن لە وشەی (نەرگز) دایە، چونکە لێچوو کە (یار) ی شاعیرەکەیە نەهاتووە، تەنها لەوچوو هاتووە، بەم جۆرەش خواستنەکە دەبێتە خواستنی ئاشکرا.

هەرچەند گوڵ سیس ئەبێ بگرین

ئاڵتوونی دار ئەڕژێ بگرین

لەم دێڕەدا خواستن لە وشەی ئاڵتووندایە، کە بە وشەی دار دەزانین مەبەستی شاعیر ئاڵتوونی ڕاستەقینە نییە، بەڵکوو گەڵای زەردی داری چواندووە بە ئاڵتوون و گەڵا زەردەکە، کە لێچووە، باس نەکراوە، تەنها لەوچوو هاتووە، بەوەش خواستنەکە دەبێتە خواستنی ئاشکرا.

هێڵبەژێرداهاتووەکە نیشانەی خواستنەکەیە

لایدا سەرپۆش و پەرچەمی بای شەماڵ

مانگێک هاتە دەر پڕ لە خەت و خاڵ

لەم دێڕەدا خواستن لە وشەی مانگدا هەیە، کە شاعیر هەستاوە ڕووخساری یارەکەی بە مانگ چواندووە، چونکە مانگی ڕاستەقینە خەت و خاڵی نییە، مانگ لەوچووە و ڕووخساری یار لێچووە، تەنها لەوچوو هاتووە بەوەش خواستنەکە دەبێتە خواستنی ئاشکرا.

هێڵبەژێرداهاتووەکە نیشانەی خواستنەکەیە

شێر لە بێشە دەرپەڕی دەستبەخەنجەر

ڕووبەڕوو ئەیدا لە زومرەی دوژمنان

لەم دێڕەدا خواستن لە وشەی شێردایە، کە شاعیر هەستاوە پیاوی ئازای چواندووە بە شێر, بە ئەوەش زانیمان چونکە شێری ڕاستەقینە خەنجەری بە دەستەوە نییە، شێر لەوچووە و پیاوی ئازا لێچووە، تەنها لەوچوو هاتووە، بەوەش خواستنەکە دەبێتە خواستنی ئاشکرا.

هێڵبەژێرداهاتووەکە نیشانەی خواستنەکەیە

**ئەڵێن ساڵ دوازدە مانگە**

**من مانگم دی چواردە ساڵە**

**لەم دێڕەدا خواستن لە وشەی مانگدایە لە نیوەدێڕی دووەم، کە شاعیر مەستاوە یارەکەی خۆی بە مانگ چواندووە، بە ئەوەش زانیمان چونکە مانگی ڕاستەقینە چواردە ساڵی نییە، مانگ لەوچووە و یار لێچووە، تەنها لەوچوو هاتووە، بەوەش خواستنەکە دەبێتە خواستنی ئاشکرا.**

**هێڵبەژێرداهاتووەکە نیشانەی خواستنەکەیە**

**چاوەکەم ئەمڕۆ لە گوڵشەن گوڵ بەعیشوە خۆی نواند**

**نەک نمەکگیر بم، بە مەرگی تۆ قەسەم هیچ نەمدواند**

**لەم دێڕەدا خواستن لە وشەی گوڵدایە، کە شاعیر مەستاوە یارەکەی خۆی چواندووە بە گوڵ، بە ئەوەش زانیمان چونکە گوڵی ڕاستەقینە بە عیشوەوە (بە نازەوە) خۆی نانوێنێ، گوڵ لەوچووە و یار لێچووە، تەنها لەوچوو هاتووە، بەوەش خواستنەکە دەبێتە خواستنی ئاشکرا.**

**هێڵبەژێرداهاتووەکە نیشانەی خواستنەکەیە**

**نموونەی تر لەو دێڕانەی کە خواستنی ئاشکرایان تێدایە:**

- **مانگی من کە وا لە زەمینندایە**
  **دایم لە تافی چواردەمینندایە**

- **ماهی من تەنها مەهێکە سەد نوجوومی مەحوکرد**
  **یاری من تەنها گوڵێکە سەد هەزاری گرتووە**

- **تا لە مەکتەب ئەو مەهەم دی مەشقی ئەلفوبێ دەکا**
  **چاوەکەم بوویتە دوێت و گریە سورخی تێدەکا**

- **ئەم جووتە شێرە دلێرەی شەرزە**
  **ناویان لە مێژوودا زۆر بەرزە**



- گوتم: ئەی ماهـ، دڵی من بە دڵی خۆت بکرە!
  گوتی: من بەردی بەقیمەت بە کەبابی نادەم

- ئەوە کار بوو کردی ئەم یەکانە
  پەژارەی خستە شاری بەم بەیانە

- دوو گوڵ دانیشتوون لەپاڵی سەکۆ
  گەورەیان بۆ من بچووکیان بۆ تۆ

- ئاسمان گریا بە ئەحواڵم کە دی زار و زەلیل
  من گرفتارم بەدەس دوو نەرگسی پڕ خەوتەوە

- ماهی من ڕۆژێ لە ڕوو لادا نیقاب
  شەو مەگەر هەڵبێ لە شەرمان ئافتاب

- گەهـ لە باغی سینەدا سەیری دوو نارنجم دەکرد
  گەهـ لە گوڵزاری جەماڵیدا تەماشای یاسەمین



## 2- خواستنی درکاو:

ئەو خواستنەیە کە لە دوو بنەما بنچینەییەکەی لێکچواندن (لێچوو) هاتبێت و (لەوچوو) نەهاتبێت.

لە خواستنی درکاودا تەنها لێچوو باس دەکرێت

وشەی (درکاو) پێنج پیتە (د.ر.ک.ا.و)

وشەی (لێچوو) ش پێنج پیتە (ل.ێ.چ.و.و)

وەکوو ئاسانکاری بۆ ئەوەی لێتان تێک نەچێت دەنا (شتەکە زانستی نییە)

نموونە:

**وا نەزانی دەستی غەم یادت لە دڵ دەرئەکا**

**ئەشکی خوێنینم دەلیلە بۆ کەسێ باوەڕنەکا**

لەم دێڕەدا (غەم) بە (مرۆڤ) چوێنراوە و لە دێڕەکەدا لێچووەکە دانراوە و لەوچووەکە کە مرۆڤەکەیە لا براوە

بەچی زانیمان؟ ئایا غەم دەستی هەیە؟

بێگومان نەخێر

ئەوە مرۆڤە کە دەستی هەیە، کەواتە بەهۆی وشەی (دەست) بیرمان بۆ ئەوە دەچێت، کە (غەم) بە (مرۆڤ) چوێنرابێت.

زۆربەی کات خواستنی درکاو بەوە دەناسرێتەوە، کە ئەندامەکانی مرۆڤ یان سیفەتەکانی مرۆڤ، درابێت بە شتێکی بێگیان.

**تا نەگریا ئاسمان و تەم وڵاتی دانەگرت**

**گوڵ چەمەن ئاوا نەبوو هەم لێوی غونچە وا نەبوو**

لە نیوەدێڕی یەکەمدا خواستن لە (تا نەگریا ئاسمان) دا هەیە، لەبەر وشەی (نەگریا) دەزانین، کە ئاسمان بە مرۆڤ چوێنراوە، <u>چونکە گریان سیفەتی مرۆڤە نەک ئاسمان</u>، ئاسمان لێچووە، مرۆڤ لەوچووە، لێچوو هاتووە و لەوچوو نەهاتووە، بەمەش خواستنەکە دەبێتە خواستنی درکاو.

لە نیوەدێڕی دووەمدا خواستن لە (لێوی غونچە وا نەبوو) دایە، لەبەر وشەی (لێو) بیرمان بۆ ئەوە دەچێت، کە غونچە بە مرۆڤ چوێنرابێت، غونچە لێچووە و مرۆڤ لەوچووە، لێچوو هاتووە و لەوچوو نەهاتووە، بەمەش خواستنەکە دەبێتە خواستنی درکاو.

ئامادەکردنی: زانا نافع کەمال

**کە دەستی ڕۆژگار بایدا سەری من**

**سەری شووشەی شەڕاب وا چاکە بادەم**

**لە نیوەدێڕی یەکەمدا خواستن لە (دەستی ڕۆژگار) دایە لەبەر وشەی (دەست) بیرمان بۆ ئەوە دەچێت، کە ڕۆژگار بە مرۆڤ چوێنرابێت، ڕۆژگار لێچووە و مرۆڤ لەوچووە، لێچوو هاتووە و لەوچوو نەهاتووە، بەمەش خواستنەکە دەبێتە خواستنی درکاو.**

**ڕۆژتە ئەی بادی نەورۆزی لەبن بەفری گران**

**کانی پێی سڕبوو، چناریش دەستی چوو، پەنجەی تەزی**

**لەم دێڕەدا خواستنی درکاو هەیە چونکە کانی و چنار پێ و دەست و پەنجەیان نییە، کانی و چنار بە مرۆڤ چوێنراون**

**کانی و چنار لێچوون و مرۆڤ لەوچووە، لێچوو هاتووە و لەوچوو نەهاتووە، بەمەش خواستنەکە دەبێتە خواستنی درکاو.**

**ئاگادار بن، لەم دێڕەدا شاعیر مەبەستی ئەوە نییە، کانی و چنار دوو کچ بن، ناویان کانی و چنار بێت، چونکە ئەگەر وا بووایە نەدەبووە خواستن.**

**نموونەی تر لەو دێڕانەی کە خواستنی درکاویان تێدایە:**

1- **ئاسمانی شین و ئەستێرەکانی**
**پێ دەکەنین بۆ بەری بەیانی**

2- **هەور ئەگری بۆ گوڵ گوڵ پێ دەکەنێ**
**باوک فەرزەندی بێڕەحم ئەنوێنێ**

3- **ئەی داری مەمک پڕ لە شیلەی ئاڵ**
**کۆرپەی مێشکی برسیی شیری تاڵ**

4- **ئاسمان گریا بە ئەحواڵم کە دیی زار و زەلیل**
**من گرفتارم بەدەس دوو نەرگسی پڕ خەوتەوە**



## ناسینەوەی خواستنی درکاو (بەئاسانی)

**پێدانی سیفەت و ئەندامی مرۆڤ بە شتی بێگیان یاخود غەیرە مرۆڤ (واتە شتێک کە مرۆڤ نەبێت)، خواستنی ئاشکرا دروست دەکات.**

**دەستی غەم – ئاسمان گریا – هەور پێ کەنی (فلیمی هیندییە)**

**مەرجە شتە بێگیانەکەش لە دێڕەکەدا هەبێت، نەک ئەندامی مرۆڤ بەتەنها بێت.**

**دەستی غەم**

**دەست: ئەندامی مرۆڤە**

**غەم: شتی بێگیان**

**نموونەی زیاتر: دەستی خەیاڵ، دەستی هەوەس، لێوی غونچە، ئاسمان گریا، هەور پێ کەنی، ....هتد**

**چییەوە گوڵەباخ دەبینم چاک فێر بوویت، ئافەرین بەردەوام بە لە فێربوون!**




ئامادەکردنی: زانا نافع کەمال

# دژیەک

**دژیەک:**

ئەوەیە کە دوو وشە دژ و پێچەوانەی یەکتر بن وەک (گەورە × بچووک، پاک × ناپاک، مردن × ژیان، بەهێز × بێهێز)

**نموونە:**

مەژی بۆ مردن بمرە بۆ ژیان

چ قازانج ئەکەی تا نەکەی زیان

> ڕەگەزدۆزیی ناتەواو لە جۆری پیتیش لەم دێڕەدا هەیە ژیان - زیان

لەم دێڕەدا دژیەک لەنێوان ئەم وشانە هەیە:

مردن × ژیان (دژیەکی ئەرێ) قازانج × زیان (دژیەکی ئەرێ) ئەکەی × نەکەی (دژیەکی نەرێ)

---

کەواتە بۆمان ڕوونبووەوە کە دژیەک ئەوەیە کە دوو وشە دژ و پێچەوانەی یەکتر بن.

**جۆرەکانی دژیەک:**

**1- دژیەکی ئەرێ:**

ئەوەیە کە دوو وشەکە هەریەکە لە ڕەگەزێکی سەربەخۆوە هاتبن، لە ماناد‌ا دژ و پێچەوانەی یەک بن.

**نموونە:**

(گەورە × بچووک) (ڕووناکی × تاریکی) (خەندە × گریان) (تاڵ × شیرین) (سەرکەوتن × ژێرکەوتن)

(شەو × ڕۆژ) (هەژار × دەوڵەمەند) (زۆر × کەم)(چەپ × ڕاست) (دۆست × دوژمن) (سێبەر × تاو) (یار × ڕەقیب)

ئەم وشانەش عەرەبین:

قەلیل × کەسیر زاهر × باتن نوور × زوڵمەت فەقیر × غەنی

مەشرق × مەغرب حەیات × مەوت

ئامادەکردنی: زانا نافع کەمال

گەلێکم ڕۆژگاری تاڵ و شیرین ڕابوارد، ئاخۆ

مەرگ مەودا دەدا دیسان ببینم سەردەمێکی تر!

لەم دێڕەدا هەردوو وشەی تاڵ و شیرین هەریەکەیان لە ڕەگەزێکی سەربەخۆوە هاتوونە، بەڵام لە مانادا دژ و پێچەوانەی یەکترن، کەواتە دەبن بە دژیەکی ئەرێ.

یارم لە ئەندەروون هات دەستی ڕەقیب لە دەستا

غەمناک و شادمانم، ڕەحمەت عەزابی هێنا

لەم دێڕەدا هەردوو وشەی (یار و ڕەقیب) و هەردوو وشەی (غەمناک) و (شادمان) و هەردوو وشەی (ڕەحمەت) و (عەزاب) هەریەکەیان لە ڕەگەزێکی سەربەخۆوە هاتوونە، بەڵام لە مانادا دژ و پێچەوانەی یەکترن، کەواتە دەبن بە دژیەکی ئەرێ.

ئەم دێڕە ڕەگەزدۆزیی ناتەواو و خواستنی ئاشکراشی تێدایە.

نێرگزێن شەنگ د مەستن چەپ و ڕاست

ساقیان جام د دەستن چەپ و ڕاست

لەم دێڕەدا هەردوو وشەی چەپ و ڕاست هەریەکەیان لە ڕەگەزێکی سەربەخۆوە هاتوونە، بەڵام لە مانادا دژ و پێچەوانەی یەکترن، کەواتە دەبن بە دژیەکی ئەرێ.

لە گریەی زۆری من و خەندەی کەمی تۆ

هەموو دونیا بووەتە شین و ڕۆڕۆ

لەم دێڕەدا هەردوو وشەی (گریە و خەندە) و هەردوو وشەی (زۆر و کەم) هەریەکەیان لە ڕەگەزێکی سەربەخۆوە هاتوونە، بەڵام لە مانادا دژ و پێچەوانەی یەکترن، کەواتە دەبن بە دژیەکی ئەرێ.

ئەگەر دۆستم، ئەگەر دوژمنم بزانم

ئەوەندە تێگەیێنە کامەیانم؟

لەم دێڕەدا هەردوو وشەی دۆست و دوژمن هەریەکەیان لە ڕەگەزێکی سەربەخۆوە هاتوونە، بەڵام لە مانادا دژ و پێچەوانەی یەکترن، کەواتە دەبن بە دژیەکی ئەرێ.

ئامادەکردنی: ڕۆژان نافع کەمال

نموونەی تر لەو دێڕانەی دژیەکی ئەرێیان تێدایە:

1) دونیا ببێتە پۆست

دوژمن نابێتە دۆست

2) تاڵ و شیرین پێکەوە نەمدیوە چا بێ، چا نەبێ

هەر کەسێکی هەمنشینی چا نەبێ، پێت چا نەبێ

3) با نەچێتە لای ڕەقیبان یار ئەنیسی خانە بێ

لازمە ئەو ئاسکە لەولا نەبێ، لەو لانە بێ

4) بە ئاه و گریان دیسان، هاتەوە هەوری نیسان

جگەر پڕ ئاو و ئاور، وەک عاشقی بێقەرار

5) خودا من بەندەی ناچیز و زەلیل

گوناهم کەسیرەن تاعەتم قەلیل

6) گریانی من و خەندەی تۆ ئێستە ئەشوبهێن

بەو مەوسیمی بارانە کەوا خونچە ئەپشکوت

7) دوو گوڵ دانیشتوون لە پاڵی سەکۆ

گەورەیان بۆ من بچووکیان بۆ تۆ

8) شەو دەکێشم شەونخوونی و بێخەوی

ڕۆژ دەچێژم دەرد و داخی بێئەوی

9) مەرگ و ژین میسلی سێبەر و تاوە

ئەوەی باقی بمێنێ هەر ناوە




ئامادەکردنی: زانا نافع کەمال

10) دۆستت هەزار بێ کەمە

دوژمنت یەک بێ خەمە

11) دنالم ئەز شەڤ و رۆژ

وەکی بولبول ژبۆ گول

12) ئەز ب تەبعێ خو فەقیرم

لێ ب شیعرا خو غەنیمە

13) ماهی من رۆژێ لە روو لادا نیقاب

شەو مەگەر هەڵبێ لە شەرمان ئافتاب

14) بەهاوین جەستە خەستەی دەردی گەرمام

بە زستان دڵ شکەستەی بەردی سەرمام



## 2- دژیەکی نەرێ:

ئەوەیە دوو وشەکە لە یەک ڕەگەز بن بە نەرێکردن بووبن بە دژیەک وەک:

ڕوونکردنەوە: مەبەست لەم پێناسەیە ئەوەیە، کە دوو وشەکە لە هەمان وشە یان هەمان چاوگ بن و بە نەرێکردن بووبن بە دژیەک.

پاک × ناپاک ، مەرد × نامەرد ، بڕۆ × مەڕۆ ، بەهێز × بێهێز

نموونە:

ئەی کوردی جەفا دیدە بەسە قەیدی ئەسارەت

نادان بە کوتەک حاڵی دەبێت دانا ئیشارەت

لەم دێڕەدا هەردوو وشەی دانا و نادان لە یەک ڕەگەزن بەڵام بە نەرێکردن بوونەتە دژیەک بۆیە دژیەکی نەرێ لە دێڕەکەدا هەیە.

ئەوەی ڕزقی موقەڕەرە بۆ خۆی دێ

سەد دەفعە بخوازێ یان نەخوازێ

لەم دێڕەدا هەردوو وشەی بخوازێ و نەخوازێ لە یەک ڕەگەزن، بەڵام بە نەرێکردن بوونەتە دژیەک، بۆیە دژیەکی نەرێ لە دێڕەکەدا هەیە.

سەفەرمان چونکە ڕێی هات و نەهاتە          دوعامان بۆ بکەن ئێوە و خوداتان

لەم دێڕەدا هەردوو وشەی هات و نەهات لە یەک ڕەگەزن، بەڵام بە نەرێکردن بوونەتە دژیەک، بۆیە دژیەکی نەرێ لە دێڕەکەدا هەیە.

ئامادەکردنی: زانا نافع کەمال

نموونەی تر لەو دێڕانەی دژیەکی نەرێیان تێدایە:

1 - راستی مایەی میهری یەزدانە
ناراستی دایم بەری زیانە

2 - مەنازە بە بوون، مەناڵە بە نەبوون
هیچیان تا سەر نین هەبوون و نەبوون

3 - با نەچێتە لای ڕەقیبان یار ئەنیسی خانە بێ
لازمە ئەو ئاسکە لەولا نەبێ، لەو لانە بێ







ئامادەکردنی: زانا نافع کەمال

## جوانیی بایس

**دیاردەیەکە هۆی دروست و ڕاستەقینەی خۆی هەبێت، بەڵام ئەو هۆیە بخرێتە لاوە بۆ جوانکردن و ڕازاندنەوەی شیعرەکە، هۆیەکی تری هونەرمەندانەی بۆ دروست بکرێت، کە زۆر دوور بێت لە هۆیە دروست و ڕاستەقینەکەی خۆی.**

**ڕوونکردنەوە/**

**هەموو دیاردەیەک کە ڕوو دەدات، هۆیەکی ڕاستەقینەی تایبەتی خۆیی هەیە بۆ ڕوودانی، بەڵام جاری وا هەیە، شاعیر هەڵدەستێت بە لادانی ئەو هۆیە ڕاستەقینەیە و خۆی هۆیەکی بۆ دروست دەکات، کە زۆر دوورە لە هۆیە ڕاستەقینەکەی خۆی.**

**گەر بە نموونە باسی بکەین، ئاسانترە:**

**مانگی بەجێماو لە سەفەری شەو**

**زەردە لەترسی قاسپەقاسپی کەو**

**زەردبوونی مانگ لەبەرەبەیاندا دیاردەیەکی سروشتییە، بەڵام شاعیر هاتووە ئەم هۆیە ڕاستەقینە و سروشتییەی لا داوە و دەڵێت: مانگ لەترسی قاسپەقاسپی کەو زەرد بووە.**

**جوانیی بایس لە ژیانی ڕۆژانەدا لەم گوتوبێژەی خوارەوە ببینە:**

**نەوزاد: پار کریستیانۆ بە کوردی قسەی لەگەڵ کردم، گوتی: بخۆ گوڵ خاڵۆ.**

**ئازیز: کەم درۆ بکە!**

**لەو کاتەدا کارەبا بڕا**

**ئازیز: ئەهـ نەوزاد، هێندەت درۆ کرد کارەبا بڕا.**

**جوانیی بایس لە قسەکەی ئازیزدایە، کە دەڵێت: ( ئەهـ نەوزاد، هێندەت درۆ کرد کارەبا بڕا.)**

**ئازیز لێرە هۆکاری کارەبابڕانەکەی گەڕاندەوە بۆ درۆکانی نەوزاد، لە کاتێکدا ڕوودانی کارەبابڕانەکە هۆکارێکی تر وای لێ کردووە کە کارەباکە ببڕێت.**

ئامادەکردنی: زانا نافع کەمال

**لە خەوفی تەلعەتی، ڕۆژ هەروەکوو شێت**

**بەڕووزەردی هەڵات و کەوتە کێوان**

**هەڵاتن و ئاوابوونی ڕۆژ دیاردەیەکی سروشتییە و هۆیەکی سرووشتیی خۆیی هەیە بۆ ڕوودانی، بەڵام نالیی شاعیر ئەو هۆیەی خستووەتە لاوە و هۆیەکی تری هونەرمەندانەی بۆ دروست کردووە، ئەو هۆیەش کە نالی دروستی کردووە بریتییە لە دەرکەوتنی یارەکەی.**

**شەماڵ لەترسی شنەی نسێی سەخت**

**پەنای بۆ باسک و پێدەشت هێناوە**

**دیاردە سروشتییەکە هاتنی بای شەماڵە، کە هۆیەکی سروشتیی خۆیی هەیە، بەڵام شاعیر ئەو هۆیەی خستووەتە لاوە و هۆیەکی تری هونەرمەندانەی بۆ دروست کردووە، کە وای پیشان داوە کە شەماڵ لەترسی شنەی نسێی سەخت پەنای بۆ باسک و پێدەشت هێناوە.**

**نارنج و تورنج شوبهی زینێ**

**زەربوویی ل عیللەتا ئەڤینێ**

**زەردبوونی نارنج و تورنج دیاردەیەکی سروشتییە و پەیوەندیی بە پێکهاتەی میوەکانەوە هەیە، بەڵام شاعیر ئەو هۆیەی خستووەتە لاوە و هۆیەکی تری هونەرمەندانەی بۆ دروست کردووە، ئەو هۆیەشی کە شاعیر دروستی کردووە ئەوەیە کە نارنج و تورنج لەبەر دەردی ئەڤین (خۆشەویستی) ڕەنگیان زەرد بووە. (فلیمی هیندییە)**

**لە لێوار حەوزا گوڵاڵە و بەیبوون**

**ساوان، ئەلەرزن، لەتاو نقوومبوون**

**لە لێواری حەوزەکاندا گوڵاڵە و بەیبوون دەلەرێنەوە و دەجووڵێنەوە، هۆیە سروشتی و ڕاستەقینەکە ئەوەیە، کە ڕەنگە بەهۆی باوە بلەرێنەوە کە با لێیان دەدات، بەڵام شاعیر ئەم هۆیەی خستووەتە لاوە و هۆیەکی تری هونەرمەندانەی بۆ دروست کردووە کە دەڵێت: لەتاو نقوومبوون ئەلەرزن. واتە: لەترسی نقوومبوون ئەلەرزن.**

**پەڵەی گوڵاڵە لە ترسی چنوور**

**ناوجەرگی سووتا و ڕەش هەڵگەڕاوە**

**دیاردە سروشتییەکە ڕەشهەڵگەڕانی ناوەوەی گوڵاڵەسوورەیە، کە هۆیەکی سروشتیی خۆیی هەیە، بەڵام شاعیر ئەو هۆیەی خستووەتە لاوە و هۆیەکی تری هونەرمەندانەی بۆ دروست کردووە، کە وای پیشان داوە، کە گوڵاڵەسوورە لە ترسی چنوور ناوەوەی ڕەش هەڵگەڕاوە.**

**خوێنی پاکی لاوی کوردانە ڕژاوە کێو و کەژ**

**بۆیە ئێستاکە وا سوورە، ڕەنگی گوڵناری هەیە!**

**دیاردە سروشتییەکە سووربوونی کێوەکانە لە بەهاران، بەهۆی بوونی گوڵی سوورەوە، بەڵام شاعیر ئەو هۆیەی خستووەتە لاوە و هۆیەکی تری هونەرمەندانەی بۆ دروست کردووە، کە وای پیشان داوە، کە بەهۆی ڕژانی خوێنی پاکی لاوانی کورد ڕەنگی سوور هەڵگەڕاوە.**

**نموونەی تر لەو دێڕانەی جوانیی بایسیان تێدایە:**




- **بەفر لەتاو شەرمی هەتاو**
  **ئەتوایەوە و ئەبوو بە ئاو**

- **ماهی من ڕۆژێ لە ڕوو لادا نیقاب**
  **شەو مەگەر هەڵبێ لە شەرمان ئاقتاب**

- **پەلکەزێڕینەی پاش بارانی زۆر**
  **چەماوەتەوە بەرامبەر بە خۆر**

- **وا ڕۆژهەڵات لە بەندەری بەرزی وڵاتەوە**
  **هەر خوێنی شەهیدە ڕەنگی شەفەق شەوق ئەداتەوە**

# تێهەڵکێش

**تێهەڵکێش: بریتییە لەوەی شاعیر یان نووسەر (نیوەدێڕ، دێڕێک، پەندێک، ئایەتێک، فەرموودەیەک) بێ دەستکاری وەربگرێت و لەناو دوو کەوانە بیخاتە ناو بەرهەمەکەی خۆیەوە، جا ناوی خاوەنەکەی بهێنێت یان نەهێنێت.**

**نموونە:**

**جاهیل زلیش بێت وەک کەندووی بۆشە**

**(دەنگی دەهۆڵیش هەر لەدوور خۆشە)**

**لێرەدا دیارە، کە (پیرەمێرد) پەندێکی پێشینانی تێهەڵکێشی شیعرەکەی خۆی کردووە.**

**نموونەیەکی دیکە:**

**دەمێ کۆچبارەکەت ناچێ لە یـــادم**

**دەبێ وەک کوشتمت بشپرسی دادم**

**(کە بارگەت بۆ هەوار تێک نا عەزیزم**

**شکا ئەستودەنگی تــاولی مـرادم)**

**(هەژار) لێرەدا شیعرێکی (هێمن)ی تێهەڵکێش کردووە بێ ئەوەی لە شیعرەکەدا ناوی خاوەنەکەی بهێنێت، چونکە دێڕەشیعرەکەی (هێمن) زۆر بەناوبانگە و خوێنەری شیعرەکانی هێمن دەیناسێتەوە.**

**نموونەیەکی دیکە:**

**بۆچی فەرموویەتی نەبیی ئـەمین**

**(اطلبوا علمکم ولو بالصین)**

**لێـرەدا (حاجی قادری کۆیی) فەرموودەیەکی پێغەمبەری بە دەقی خۆی تێهەڵکێش کردووە، بێ ئەوەی دەستکاریی بکات یان بیکات بە کوردی.**

سەرنج:

لەم پێنج خشتەکییەدا بێکەسی شاعیر دوو نێوەدێڕی (پیرەمێرد)ی تێهەڵکێشی شیعرەکەی خۆی کردووە هەروەها پێنج خشتەکی بەر هونەری تێهەڵکێش دەکەوێت.

قەدری میللەتتان بەجــاری شکان

نە حەیاتان ما نە ناو و نیشــان

باری تەعنەتان واهاتــە سەرشان

(وەفدی کوردستان، میللەت فرۆشان

هەرزە وەکیلی شاری خامۆشـان)

لەم دێڕەهۆنراوانە هونەری (تێهەڵکێش) دەستنیشان بکە:

(چڵکی دەستە ماڵی دنیا) وەک دەڵێن:

ماڵپەرست پەیمان شکێنە و بێ بەڵێن "هێمن"

هێمنی شاعیر پەندێکی پێشینانی تێهەڵکێشی شیعرەکەی خۆی کردووە، لەناو دوو کەوانە خستوویەتیە ناو بەرهەمەکەی خۆیەوە.

گوڵ لەسەر لقی خۆی ڕەنگینە

(بەردیش لە جێگای خۆیا سەنگینە) "پیرەمێرد"

پیرەمێردی شاعیر پەندێکی پێشینانی تێهەڵکێشی شیعرەکەی خۆی کردووە، لەناو دوو کەوانە خستوویەتیە ناو بەرهەمەکەی خۆیەوە.

ڕۆژێ فەرمووت (ليس للانسان الا ما سعى)

هیچ کەسیش هێندی فەلاح ئیشی کێڵانی نییە "دڵدار"

دڵداری شاعیر ئایەتێکی قورئانی پیرۆزی تێهەڵکێشی شیعرەکەی خۆی کردووە، لەناو دوو کەوانە خستوویەتیە ناو بەرهەمەکەی خۆیەوە.

ئامادەکردنی: زانا نافع کەمال

**لە دوو ئاوان کە یەکدەگری          دوو میسرەعی بەیتی مەولەوی**

**(سیروانی ئەم چەم تانجەڕۆی ئەوچەم          بدەن بەیەکدا ئەم چەم بۆ ئەو چەم)          "پیرەمێرد"**

**پیرەمێردی شاعیر دێڕەشیعرێکی مەولەویی تێهەڵکێشی شیعرەکەی خۆی کردووە، لەناو دوو کەوانە خستوویەتیە ناو بەرهەمەکەی خۆیەوە. (ناوی مەولەوییشی هێناوە.)**

**سەیری کە ئەڵێی خوێنی ڕژاوی گەشی تۆیە**

**(سیروانی سروشکم کە ئەکا هاژە لە سەردا)          "عەلی کەمال باپیر (کەمالی)"**

**شاعیر نیوەدێڕێکی تاهیر بەگی تێهەڵکێشی شیعرەکەی خۆی کردووە، لەناو دوو کەوانە خستوویەتیە ناو بەرهەمەکەی خۆیەوە.**

**تا نەتناسی ئایەت و سەعاتی ئەوقاتی دوعا**

**فائیدەی چی (ربنا انزل علینا مائدە)          "سابری"**

**سابریی شاعیر ئایەتێکی قورئانی پیرۆزی تێهەڵکێشی شیعرەکەی خۆی کردووە، لەناو دوو کەوانە خستوویەتیە ناو بەرهەمەکەی خۆیەوە.**

- **یەکێک لەم جۆرە شیعرانە بەگشتی دەبێت بە تێهەڵکێش:**

A. **دوو بەیت**          B. **غەزەل**          C. **موستەزاد**          D. **پێنج خشتەکی**

- **لە کام هونەری ڕەوانبێژی مەرجە جووت کەوانە بەکار بهێنرێت؟**

A. **جوانیی بایس**          B. **خواستن**          C. **لێکچواندن**          D. **تێهەڵکێش**

**نموونەی تر لەو دێڕانەی تێهەڵکێشیان تێدایە:**

1 . **مەقسوود و مورادی دڵ شایی**

**ئەمما تو (تضل من تشاء)**



دێڕەشیعرەکانی ئەدەبی کوردیی پۆلی ١٢ کە هونەری ڕەوانبێژییان تێدایە:

- وا بەهار دیسان تارای ئەپۆشێ
  گوڵاڵە پیاڵەی خوێنین ئەنۆشێ

ئەمە دێڕێکە لە شیعری (بەهار) ی (دیلان)
دیلان دیمەنی سروشتی کوردستان کاری تێ دەکات.

لەم دێڕەدا دوو هونەری ڕەوانبێژی هەیە:
1) ڕەگەزدۆزیی ناتەواو لە جۆری پیت لە وشەکانی (ئەپۆشێ – ئەنۆشێ) هەیە.
2) خواستنی درکاو (وەرزی بەهار چوێنراوە بە مرۆڤ، چونکە وەرزی بەهار تارا ناپۆشێ، سیفەتی مرۆڤ دراوە بە وەرزی بەهار. (بۆ زانیاریی زیاتر بگەڕێوە بۆ لاپەڕە ٢٤)

- هەستە تێ کۆشە تا خوێنت گەرمە
  سەرپۆش فڕێ دە چ وادەی شەرمە؟

ئەمە دێڕێکە لە شیعری (نەسرین) ی (بێکەس)
دیمەنی دواکەوتوویی ناو کۆمەڵگە بەرجەستە دەکات.

لەم دێڕەدا ڕەگەزدۆزیی ناتەواو لە جۆری پیت لە وشەکانی (گەرمە – شەرمە) هەیە.

- کەس بە ئەلفازم نەڵێ خۆ کوردییە، خۆ کردییە
  هەر کەسێ نادان نەبێ خۆی تالبی مەعنا دەکا

ئەمە بەیتێکە لە بەیتەکانی (نالی)

لێرەدا نالی ڕوو لەو کەسانە دەکات کە ڕەخنەیان لێ گرتووە و توانجی ئەوەیان لێ داوە کە شیعر بە زمانی کوردی دەنووسێت. پێیان دەڵێ: هونەرمەندی لەوە دایە، کە چۆن توانیویەتی بە زمانی کوردی ئەو واتا جوان و ناسکانە دەر ببڕێ.
بەم پێیەش (نالی) لێرەدا بەو پێوانە ڕەخنەییە (وشە و واتای) شیعری هەڵسەنگاندووە، کە بە لایەوە بەهای دەق واتای جوان و نوێیە نەک هەر بەتەنها وشە و واژەی جوان و ڕازاوە.

لەم دێڕەدا ڕەگەزدۆزیی ناتەواو لە ژمارەی پیت لە وشەکانی (کوردییە – کردییە) هەیە.

- نالی عەجەب بە قووەتی حیکمەت ئەدا دەکا
  مەعنایی زۆر و گەورە بە لەفزی کەم و بچووک

ئەم دێڕە لە ئەدەب تەنها بۆ خوێندنەوەیە

لەم دێڕەدا دژیەکی ئەری هەیە (زۆر × کەم) (گەورە × بچووک)

## چەند پرسیارێکی زۆر جوان (هاژەکی ڕەوانبێژی)

- چاوەکەم ئەمڕۆ لە گوڵشەن گوڵ بەعیشوە خۆی نواند
  نەک نەمەکگیر بم، بە مەرگی تۆ قەسەم هیچ نەمدواند
  لەم دێڕەدا کام بابەتی ڕەوانبێژی هەیە؟

A. خواستنی ئاشکرا B. ڕەگەزدۆزیی ناتەواو C. خواستنی درکاو D. A+B ڕاستن

- هەرچەندە کە ڕووتم بەخوا مائیلی ڕووتم
  بێبەرگییە عیللەت کە هەتیو مەیلی هەتاوە
  لەم دێڕەدا کام بابەتی ڕەوانبێژی هەیە؟

A. ڕەگەزدۆزیی تەواو B. ڕەگەزدۆزیی ناتەواو C. خواستنی درکاو D. A+B ڕاستن

- ژن یەکێ بوو هەر ئەمگوت ئاخ لە دەست ئەم جادووە
  بۆ چ قوڕی عالەم بەسەر خۆمدا نەکەم ئەمجا دووە

لەم دێڕەدا کام بابەتی ڕەوانبێژی هەیە؟

A. دژیەکی نەرێ B. ڕەگەزدۆزیی تەواو C. لێکچواندن D. هیچیان

- دوو گوڵ دانیشتوون لەپاڵی سەکۆ گەورەیان بۆ من بچووکیان بۆ تۆ
  لە نیوەدێڕی یەکەمی ئەم دێڕەدا کام لەم بابەتە ڕەوانبێژییانە هەیە؟

A. خواستن B. دژیەک C. ڕەگەزدۆزیی تەواو D. A و B ڕاستن

- تاڵ و شیرین پێکەوە نەمدیوە چا بێ، چا نەبێ
  هەر کەسێکی هەمنشینی چا نەبێ، پێت چا نەبێ
  لەم دێڕەدا کام بابەتی ڕەوانبێژی هەیە؟

A. دژیەکی ئەرێ B. ڕەگەزدۆزیی تەواو C. ڕەگەزدۆزیی ناتەواو D. A و B ڕاستن

- تاکەی چون مەجنوون وێڵی هەردان بـم؟ تاکەی خەمزەدەی باری هیجران بم؟
  لەم دێڕەدا کام لەمانە بۆ ڕوونکردنەوەی لایەنێکی لێچوو هاتووە، کە بەراوردەکەی لەسەر بنیاد نراوە؟

A. چون B. م C. مەجنوون D. وێڵی هەردان

- گوڵ لەناو باخا بەیانی پێکەنی تا ڕۆژهەڵات گوڵ لەناو ماڵی منا پێی پێکەنی تا ڕۆژهەڵات
  لەم دێڕەدا کام بابەتی ڕەوانبێژی هەیە؟

A. خواستنی ئاشکرا B. ڕەگەزدۆزیی تەواو C. خواستنی درکاو D. هەموویان